کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-12-2007 21:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەد خۆزگە منیش کوڕە موستەشار بوومایە!! ... ستیڤان شەمزینانی

Shamzini79@hotmail.com

نازانم بە هۆی گێلێتییەوە بووە یان دڵسۆزیی باوکم تێکڕا لە بیست ساڵ زیاتر پێشمەرگایەتی کردووە لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا رۆژگاری ڕاپەڕینی ساڵی 1991، بە بەرینی ئەم مێژووە نەك بەدوای پارە وسامان و بەرپرسیارێتیدا نەگەڕاوە بگرە زۆر جار لەو بارەگایەی تیایدا بەرپرس و فەرمانده بووە خۆی لە هیچ پێشمەرگەیەکی ئاسایی جودا نەکردۆتەوە و وەك ئەوان بەشداربووە لە هەر کارو ئەرکێکدا.



هەر کە راپەڕین بەرپابوو قارەمانەکانی شاخ بوون بە چەتەکانی شار، هەر زۆر زوو شۆفڵ و گرێدەر و داروبەردی فەرمانگەکان تاڵان کران و بەودیودا بردیانن، بیرمە جاش و هاووڵاتی و پێشمەرگە پەلاماری (کارگەی جگەرەی شاری سلێمانی) یان داو دوای ئەوەی چی تیابوو تاڵانیان کرد دەرگاو پەنجەرەکانیشیان دەرهێناو گڕیشیان لەبەشێکی کارگەکە بەردا، باوکم بە خۆی وسێ پێشمەرگەوە بڕیاریدا ئەو لێشاوی تاڵانکردنە رابگرێ منیش لەگەڵیدا بووم هەر کە چووینە بەردەم دەرگای کارگەی جگەرە کەسێکمان بینی کلاشنیکۆفێکی ئاربیەکەی پێبوو خەریکبوو بەرمیلێکی بەتاڵ دەکرد باوکم لێی چووە پێشەوە و پێی وت ئەوەی رۆی دەکەیت دەزانی چییە؟وتی ئەی چۆن نازانم سیکۆتینە و جگەرەی پێ دەبەسترێت. باوکم پەلی گرت و پێی وت بێ عەقڵ بۆ بەرمیلێکی بەتاڵ کە نرخەکەی لە 10 دینار تێناپەڕێت خەریکی بایی هەزاران دینار زیان دەدەیت!؟ کەسەکە بەگژیدا هات و وتی کاکە ئەوەندە زیرەکی بۆ کۆیناکەیتەوە بۆ خۆت ئەو قازانجە هەڵگرە بۆ خۆت بالێت نەکەوێت.

چووینە ناو کارگەکەوە کەسێك بە جامانە دەموچاوی خۆی پێچابوو موزەلییەکی پێ بوو مەخزەنێکی حەفتاو پێنجی لەسەر بوو کەوتبووە دەستڕێژ! خوایە دەبێت دەستڕێژ لە چی بکات؟ هەر کە تۆزێك چووینە پێشەوە بینیمان هەر شووشەی پەنجەرەیەو هاڕە دەکات چونکە کاکم بە گوللە پێوەی دەنێت! باوکم هاواری لێکرد هەی نامەرد ئەوە چی دەکەیت ئەوە ماڵی میللەتە بۆ وای لێدەکەیت؟ کابرا رووی کردە باوکم و بە فیزێکەوە پێی وت وابزانم دڵت بۆ بەعس ژان دەکات و غەمی کارگەکەی بەعستە؟ یەکێك لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ باوکم بوو خۆی بۆ نەگیراو تا هێزی تیابوو زللەیەکی لێدا بەڵام کە جامانەکەی سەرچاوی لابرد، هاوڕێ پێشمەرگەکەی باوکم ناسییەوەو وتی خۆ ئەمە فلانە کەسی ئامر سریەی فەوجی ئەوەندەیە و جاشێکی زۆر پیسە و دەوامی لە حەتین بووە! باوکم کەمێك ئیستی گرت و هیچی نەگوت و دوای کەمێك بێ دەنگیی رووەو هۆڵەکانی ناوەوە هەنگاوی هەڵگرت، دوای زیاتر لە 10 ساڵ ئەو پرسیارەم لە باوکم کرد ئەرێ ئەو کاتەی ناو کارگەی جگەرە بۆچی وا کزو بێدەنگ بوویت وهیچ قسەیەکت بەو جاشە ناسراوە نەگووت؟ لەوەڵامدا وتی: لەوکاتەدا تێگەیشتم ئەم عەهدەش هەر بۆ ئەوانە و هەر ئەوان دەبنە دۆست و هاوڕێی گیانی بە گیانی سەرکردایەتی سیاسی و سەربازیی کورد.

چەند مانگێك تێپەڕی (هێزی هاوبەش) وەك حکومەتێکی کاتی ئیدارەی شارەکانی دەبرد بەڕێوە، ئەم قۆناغە قۆناغی عەسابات و مافیایی بوو کێ 10 چەکداری هەبوایە لە جێگەی خۆیەوە حکومەت بوو، لەم دەرفەتەدا هەرچی کۆنە موستەشار و بەگ و ئاغا ودەرەبەگ هەبوو بوونە سوار چاك و شانبەشانی بەرپرسە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێی شاخ وڵاتیان تاڵ و فەرهود کردو بردیانە ئەودیو، کە ئەودیو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زاراوەیەك بوو لەو قۆناغەدا زۆر لە ئۆتۆنۆمییەکە زیاتر باسی لێوە دەکرا و مەبەستیش لە ئەودیو کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.

لەو ڕۆژانەدا باوکم فەرماندەیەکی ناوەندیی پێشمەرگە بوو بەرەو رووی هێزی ریژێمی بەعسی داگیرکەر وەستابوو کە هێشتا بە تەواوەتی کوردستانیان چۆڵ نەکردبوو، لە یەکێك لەو ڕۆژانەدا کۆنە موستەشارێکی تازە شۆڕشگێڕ شۆفلێك وگرێدەری شارۆچکەیەکی ئامادە کردبوو تائاودیوی بکات بەڵام کاتێ گەیشتە ئەو زاڵگەیەی نێزیك بارەگاکەی باوکم، کابرای سەرەك جاش لە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی دابەزی و هاتە لای باوکم وتی پێیان وتووم ئێوە سەرسەختن و ناهێڵن هیچ بڕوات بەودیودا بەڵام من کتابی بەرەی کوردستانی و لیژنەی تەنسیقم پێیە بۆیە واباشترە ڕێم پێ بدەیت بڕۆم، بەڵام باوکم بەنەرێنی وەڵامی دایەوەو بۆیە بووە دەنگە دەنگیان و بەزەبری راکێشانی میلی تفەنگ ئۆتۆمبیلەکانیان لێسەندن و کابرای سەرەك جاشیش ناچار هەڵهات، هەردوو ئۆتۆمبێلەکەیان لە بارەگا گل دایەوە، بۆ شەوی دواتر کابرای سەرۆك جاش هات بۆ بارەگاکەی باوکم منیش لەوێ بووم کابرا لەناو جانتایەکی بۆر 40 هەزار دیناری بۆ هێنابوو کە وەریبگرێت لە بەرامبەر گێڕانەوەی هەردوو ئۆتۆمبیلەکە بۆی، پلانێکی زیرەکانەشی دانابوو کەشەوی دادێ باوکم لە بارەگا نەبێت و ئەویش 20 چەکدار بهێنێت و شۆفڵ و گرێدەرەکە ببات بۆئەوەی وادەرکەوێت بەزەبری تفەنگ بردوویانە نەك بە رەشوە، دیسان باوکم بەمە رازی نەبوو و چەند ڕۆژی تریش لە بارەگا مایەوە بەڵام لەیەکێك لەو ڕۆژانەدا تایەی شۆفڵەکە تەقی و باوکم بە پارەی گیرفانی خۆی تایەیەکی بۆ کڕییەوە و ڕێککەوت لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکەش کە هەردوو ئۆتۆمبیلەکەیان بداتەوە، بەڵام پێش ئەوە کابرای سەرەك جاش بە کتابێکی بەرپرسیارێکی باڵاوە هاتەوە ئەمجارە باوکم رازی بوو ئۆتۆمبیلەکان بەرێت! بەلای هەمووانەوە جێی سەرسوڕمان بوو دەبێت ئەو نامەیە چی تیابووبێت؟ باوکم وتی: نامەکە لەسەری نوسرابوو ئەگەر رێگریی لەم کاك فلانە کەسە بکەیت و ئۆتۆمبیلەکانی نەدەیتەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت! لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کاتێ کابرای سەرەك جاش ئۆتۆمبیلەکانی برد بە تەڵفیزییەوە بە باوکمی وت: ها نەتهێشت بیبەم و 40 هەزاریشت لە قیست خۆت دا، ئێستا ئەگەر پاکەتێکی ئێڵ ئێم دەخوازی لە خزمەتتدام ئەمەی وت و تا ئێران نەوەستایەوە، ئێستا ئەم سەرۆك جاشە لە ژیاندا نەماوە بەڵام ئەم چیرۆکە بۆ زۆر دوورتر دەژی.

ئەم باوکەی من بە درێژایی ژیانی پێشمەرگایەتی بەمجۆرە هەڵسوکەوتی کرد بۆیە بەرگەی هەردوو سێ ساڵی دوای ڕاپەڕینی گرت و ئیدی بۆ هەمیشە هاتەوە ماڵەوە و وازی هێنا لە هەموو خەباتەکەی.

هەنووکە سەرزەنشتی باوکم دەکەم بۆچی رێی پێشمەرگایەتی گرتە بەر؟ بۆچی نەبووە موستەشار؟ ئاخر ئەمرۆ هەموو خەباتەکەی ناگاتە ماستاوی کۆنە بەعسییەك بۆ حیزب و سەرکردە! هەموو ئەو فیشەکانەی ئەو بە بەعسیەوە نا ئەمرۆ شۆڕشەکەی دەینێت بە هاووڵاتییەکانییەوە!

ئەگەر کوڕە جاش بوومایە لە بری ئۆتۆمبیلێك دەرزەنێکم دەبوو، ئەگەر کوڕە موستەشار بوومایە لە بری پارچەیەك زەوی سێ دانەی روکنیان دەدا پێم، ئەگەر کوڕە موستەشار بوومایە پۆستی راوێژکاریی وەزارەتێکیان دەدامێ، ئەگەر کوڕە موستەشار بوومایە دوو موچەی فەرمی و سیانی لابەلا و موچەیەکی خانەنشینیم پێ دەبڕا، ئەگەر برای شەهیدی کوردستان نەبوومایە و خوێنمان بۆ قادسیەی پیرۆز بدایە ئەمڕۆ لەلای سەرەوی کۆڕی بەرپرسان و لە ریزی پێشەوەی ئاهەنگەکانی حیزب دادەنیشتم، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە بەناوی ئەوەی کوڕی پیاو ماقووڵ و خانەدانم ساڵانە خەڵاتی سەرۆکەکانم بەنسیب دەبوو، ئەگە کوڕی موستەشار بوومایە موچەی رێز لێنان و دوورێکخراوی خەنی و پارەدارم دەبوو، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە بە قبوڵ خاس دەچوومە زانکۆ و بە دۆستایەتیش ماستەرێکم بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پلەی نایاب دەخستە گیرفانمەوە، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە پارەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیان دەدامێ تا بیکەمە کۆشك و تەلار و باڵەخانە.

ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە لە پرسگەی هیچ بارەگاو وەزارەتێك رایان نەدەگرتم و دەست لەسەر سنگ دەیانبردمە شوێنی مەبەست و نەیاندەهێشت عارەق بکەوێتە ناوچەوانم، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە هەموو ساڵێك جارێك یان دووان چانسم دەبوو سەرێکی قەلاچوالان و سەری ڕەش بدەم وتورەکەیەك دۆلار بهێنمەوە، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە جەوازێکی کراوەم پێ دەبوو بۆ کام کونجی دنیا هەیە گەشتم دەکرد، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە نیو ملیۆن دۆلاری حیزبی کوردیم پێ دەبوو تا وەك بازرگانێك هاتوچۆی دوبەی و چین بکەم، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە بیست دۆنم زەوی و ڕەز و باخم داگیر دەکرد و حکومەتیش لە بری لێپێچینەوە لەسەری تاپۆ دەکردم، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە دەیانناردمە وڵاتێکی ئەوروپی و بە دیپلۆماتکار لە باڵیۆزخانەیەك دایان دەمەزراندم، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە خانووی تەجازوم دروست دەکرد و بە نامەیەك پێشمەرگەیەکی دێرینم دەربەدەر دەکرد، ئەگەر کوڕە موستەشار بوومایە ساڵانە سێ تا چوار جار مەکتەبی سیاسی هەردوولا سەردانی ماڵیان دەکردم و شەویش لەتەلەفزیۆنەوە بەمجۆرە هەواڵەکە دەخوێندرایەوە: (سەر لەبەیانی ئەمڕۆ شاندێکی مەکتەبی سیاسی کە پێکهاتبوون لە فەتە و سەعە و سمە سەردانی ماڵی کەسایەتی نیشتمانپەروەر و کورد پەروەری شارەکەمانیان کرد و لای خۆشیانەوە بنەماڵەی هین دووپاتیان کردەوە وەك هەمیشە سەربازی بەوەفا و بە ئەمەکی وڵات و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بن.... ) . ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە شام بە سەپان نەدەزانی، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە ئێستا حکومەت لە خانووی مندا کرێچی بوو نەك من بەدەست کرێچێتییەوە ببم بە پەنگ، ئەگەر کوڕی موستەشار بوومایە لە دنیا سڵم نەدەکردەوە و جاشێتیشیان بە خزمەت بۆ دەنووسیم و یاسا شکێنیان بە دڵسۆزیی و وڵات فرۆشیشیان بە نەتەوایەتی بۆ لێك دەدامەوە، ئاخر ئەگەر ئەمە ئیمتیازی کوڕە جاش و کوڕە موستەشار بێت هەق نییە باوکی من و باوکی هەموو ئەو گەنجانەی تر کە پێشمەرگەی دیرَین بوون کاڵەك بە ئەژنۆی خۆیان بشکێنن و لەگەڵ (عەلی مەردان) دا بڵێن:

کەی دێتەوە کەی دێتەوە کاتی فەوج وەرگرتن کەی دێتەوە؟

لەدەستمان چوو باوی 360 فەوجی جاش هەرگیز نایەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.